نامەی نەفەر بۆ نەفەرەکانی تاقیکردنەوەی لە کار دامەزراندنی شارەوانیی پۆڕڤۆ

# بەخێر بێیت بۆ بوون بە نەفەری
# خزمەتەکانی لە کار دامەزراندنی پۆڕڤۆ

**نەفەری بەڕێز،**

پەیوەندیی تۆ وەکو نەفەر لە فەرمانگەی کار و کاسبیەوە گوێزراوەتەوە بۆ شارەوانیی پۆڕڤۆ لە داهاتوودا خزمەتی گەڕان بەدوای کار لە لایەن خزمەتەکانی لە کار دامەزراندنی پۆڕڤۆوە پێت دەدرێت. لەم نامەیەدا ڕێنمایی هەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان و زانیاری لەسەر خزمەتەکان و زانیاریەکانی پەیوەندیکردن. زانیاریی وردترت لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت www.porvoo.fi/tyollisyys.

**فەرمانگەی کار و کاسبی TE-toimisto زانیاریەکانت وەکو نەفەری فەرمانگەکە دەگوێزێتەوە بۆ شارەوانیی پۆڕڤۆ.**

گواستنەوەی زانیاریەکان بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی ڕوودەدات. بۆ گواستنەوەکە پێویست ناکات تۆ هیچ شتێک بکەیت.

**ڕاهێنەری تایبەت بە خۆت لە گەڕان بەداوای کاردا یارمەتیت دەدات**

ڕاهێنەرێکت بۆ دیاری دەکرێت کە لە گەڕان بە داوای کاردا یارمەتیت دەدات. ڕاهێنەرەکە لەگەڵ خۆتدا پلانی لە کار دامەزراندنت بۆ دادەڕێژێت، بیر لە بژاردەکان دەکاتەوە بۆ لە کار دامەزران و لە کاروبارەکانی لایەنە فەرمیەکاندا ڕێنماییت پێ دەدات. ڕاهێنەری تایبەتی خۆت بە بەردەوامی پەیوەندیت پێوە دەکات. ئەگەر شتێکت هەیە بۆ ڕاهێنەرە تایبەتەکەت، دەتوانیت بە ڕێگای خزمەتی Oma asiointi داوای پەیوەندیکردنی بۆ جێ بهێڵیت.

**ئەگەر لە گەڕان بەداوای کاردا پێویستیت بە یارمەتی هەیە، ئێمە هاوکارت دەبین**

چەندین جۆر خزمەتی جیاجیا پێشکەش دەکەین:

- خزمەتەکانی کار و کاسبی TE-palvelut وەکو یارمەتیی مووچە، گەڕان بەدوای کار و ڕاهێنانە پیشەییەکان، مەشق و خوێندنەکانی هێزی کار، تاقیکردنەوەی کار و خوێندنی خۆویستانە بە شایستەکانی بێکاری
- خزمەتەکانی ئاوێتەبوون لە کۆمەڵگەدا بەپێی یاسای ئاوێتە بوون.
- خزمەتە توانابەخشیەکان
- خزمەتەکانی سۆشیال و تەندروستی
- مەشق و خوێندن
- بۆنەکانی کۆکردنەوەی هێزی کار.

لەگەڵ خوێندنگەکان و پێشکەشکەرانی خزمەتەکان و کۆمپانیاکان هاوکاری دەکەین. ئامانجمان یارمەتیدانی تۆیە بۆ کار یان مەشق و خوێندن

جێبەجێکردنی کارەکان بە ڕێگای ئینتەرنێت و تەلەفۆنی بە باشتر بزانە.

دەتوانیت نزیکەی هەموو کاروبارەکانی گەڕان بەدوای کار لە ماڵپەڕیOma asiointi-palvelu لە ئینتەرنێتدا جێبەجێ بکەیت، بۆ نموونە

- ئەگەر کارێکت پەیدا کرد یان پلانی خوێندنت هەبوو ئاگاداری بدە
- ئەرکەکانی پلانی لە کار دامەزراند بەوە نیشانە بکە کە کراون
- فۆرمەکان و ڕوونکردنەوەکان بگەڕێنەوە.

ئەگەر پرسیارت هەیە، تەلەفۆن بکە بۆ خزمەتی نیشتیمانیی فەرمانگەی کار و کاسبی یان بۆ ژمارە تەلەفۆنی پرسگەی خزمەتەکانی لە کار دامەزراندنی شارەوانیی پۆرڤۆ. ژمارە تەلەفۆنەکان لە کۆتایی نامەکەدا دەبینیتەوە.

ئەگەر نەتوانیت Oma asiointi-palvelu بەکاربهێنێت یان تەلەفۆن بکەیت، دەتوانیت بێیت بۆ سەردانیکردنی پرسگەکەمان لە ناونیشانی Linnankoskenkatu 32 نهۆمی ٣، ڕۆژانی سێشەم و پێنجشەم کاتژمێر ٩-١٢و ١٣-١٥ بە پێرەوکردنی ئامۆژگاریەکانی کۆرۆناوە.

## تاقیکردنەوەی لە کار دامەزراندنی شارەوانی لە پۆرڤۆ ٢٠٢١/٣/١ – ٢٠٢٣/٦/٣٠

پۆرڤۆ بەشێکە لە تاقیکردنەوەی لە کار دامەزراندنی شارەوانیی نیشتیمانی. لە تاقیکردنەوەی شارەوانیدا بەشێك لەو کەسانەی کە بە دوای کار دەگەڕێن دەگوێزرێنەوە و دەبنە نەفەری شارەوانیی پۆرڤۆ و بەشێکیان وەکو نەفەری فەرمانگەی کار و کاسبی دەمێننەوە.

ئەو کەسانەی کە داواکاری کارن و دانیشتووی پۆرڤۆن و دەگوێزرێنەوە بۆ سەر شارەوانی، بریتین لەوانەی کە:

- تەمەنیان لە خوار ٣٠ ساڵانەوەیە، یان
- زمانی دایکییان زمانێکی جیاوازە لە فینلەندی یان سویدی و هاوولاتیی وڵاتێکی ترن جیاواز لە فینلەندا، یان
- ئەوانەی کە یارمەتیی مەیدانی کار وەردەگرن یان لە کێلا پارەی ڕۆژانەی بنچینەیی وەردەگرن.

نەفەرەکانی لە کار دامەزراندن کە دانیشتووی پۆرڤۆن هەر لە یەك پەنجەرەوە ئەم خزمەتانە وەردەگرن:

- خزمەتەکانی کار و کاسبی و
- خزمەتەکانی شارەوانیی پۆرڤۆ.

ئامانج ئەوەیە کە گەیشتنی ئەو کەسانەی کە بە دوای کار دەگەڕێن و دانیشتووی پۆرڤۆن بە مەیدانی کارکردن باشتر بکرێت و نموونەیەکی خزمەت دابهێنرێت کە تیایدا بارودۆخی ئەو کەسەی کە بەدوای کار دەگەڕێت و ئەو خزمەتەی کە پێویستێتی بە شێوەیەکی تاکەکەسی لە چاو بگیرێت.

## خزمەتەکانی لە کار دامەزراندنی پۆرڤۆ

### زانیاریەکانی پەیوەندیکردن

پرسگەی تەلەفۆنی دووشەم – هەینی کاتژمێر ٩-١٦: ٠٤٠ ٥٢٥ ٨٠٣٥

ئیمەیلی گشتی: tyollisyys@porvoo.fi ناونیشانی ئیمەیلەکانی کارمەندەکان لە شێوازی ناوی یەکەم . ناوی دووەم دەبێت بەم شێوەیە etunimi.sukunimi@porvoo.fi

جێبەجێکردنی کارەکان بە ڕێگای ئینتەرنێت: لە te-palvelut.fi دەتوانیت نزیکەی هەموو کارەکانی گەڕان بەدوای کاردا لە ئینتەرنێتدا جێبەجێ بکەیت لە خزمەتی Oma asiointi دا. لەگەڵ فەرمانگەی کار و کاسبیدا هەمان ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە بەکاردەهێنین کە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان هەیە. سەبارەت بە گۆڕانکاریەکان ئاگاداری بدە، بۆ نموونە ئەگەر کارێکت پەیدا کرد، پلانی خوێندنت دانا یان ئەگەر خزمەتێکت ویست.

ماڵپەڕی ئینتەرنێت: www.porvoo.fi/tyollisyys زانیاریی زیاتر لەسەر خزمەتەکان، کورتە زانیاری بۆ گەڕان بە داوای کار و زانیاریەکانی پەیوەندیکردن.

## بنکەکان

Ohjaamo (تەمەن خوار ٣٠ ساڵان) Mannerheiminkatu 20 E, 06100 Porvoo
بنکەی ڕاوێژی تاقیکردنەوەی شارەوانی بۆ لە کار دامەزراندن Linnankoskenkatu 32, 06100 Porvoo
فەرمانگەی کار و کاسبیی ئووسیما لە Mannerheiminkatu 20 D, 06100 Porvoo

ناونیشانی نامەکانی پۆست: Porvoon kuntakokeilu PL 23, 06101 Porvoo

## خزمەتی تەلەفۆنیی نیشتیمانیی فەرمانگەی کار و کاسبی ئامۆژگاریی گشتی دەدات لە ڕۆژانی دووشەم – هەینی کاتژمێر ٩:٠٠ – ١٦:١٥

- خزمەتی تەلەفۆنی نەفەرە شەخسیەکان بە زمانی فینلەندی لە ژمارە ٠٢٩٥ ٠٢٥ ٥٠٠ ، بە سویدی ٠٢٩٥ ٠٢٥ ٥١٠. بە ئینگلیزی ٠٢٩٥ ٠٢٠ ٧١٣ ، بە ڕووسی ٠٢٩٥ ٠٢٠ ٧١٥.
- پرسگەی زەمانەتی بێکاری ٠٢٩٥ ٠٢٠ ٧٠١
- پرسگەی مەشق و خوێندن ٠٢٩٥ ٠٢٠ ٧٠٢
- ڕێنمایی پیشەیی دووشەممە و پێنجشەممە کاتژمێر ١٢-١٦، پسپۆڕی سایکۆلۆجیی ڕێنمایی پیشەیی، ٠٢٩٥ ٠٢٠ ٧٢٠

## چەند لینکێکی بەسوود

- خزمەتی Oma asiointi ، لێرەدا دەتوانیت نزیکەی هەموو کارەکانی داوای کار جێبەجێ بکەیت ٢٤/ ٧. لەگەڵ فەرمانگەی کار و کاسبیدا هەمان ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنیە بەکاردەهێنین کە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان هەیە. بۆ نموونە، داواکانی پەیوەندی پێوەکردن، ڕوونکردنەوەکان، گەڕاندنەوەی پاشکۆکان.
- خزمەتەکانی کار و کاسبی te-palvelut / بەم شێوەیە کارەکانت لەگەڵ ئێمە جێبەجێ دەکەیت/ تاقیکردنەوەکانی لە کار دامەزراندنی شارەوانی لە ماڵپەڕەکانی فەرمانگەی کار و کاسبی زانیاریت دەست دەکەوێت سەبارەت بە تاقیکردنەوەی لە کار دامەزراندنی شارەوانی.
- kuntaliitto.fi/tyollisyyskokeilut/ لە ماڵپەڕەکانی یەکێتیی شارەوانیدا زانیاری سەبارەت بە تاقیکردنەوەی لە کار دامەزراندنی شارەوانییەکانی تر.
- kela.fi شایستەی بێکاری و شایستەکانی تر بۆ نەفەرەکانی کێلا.
- tyj.fi شایستەی بێکاری بۆ نەفەرەکانی سندووقەکانی بێکاری.